- لە رۆژهەڵاتی ناوین، بە تایبەتی لە جیهانی عەرەبیدا، ئیسلامی سیاسی، لەسەر دەستی فوندەمێنتالستەکان پروایان وایە ئەمڕۆمان ناشیرینە چونکە رۆژگاری ' سەلەفی سالح'مان بەجێهێشتووە، بە واتا بەجێهێشتنی دوێنێیەک کە لەژێر سێبەری شمشێردا هەناسەی داوە..هەر بە زەبری شمشێریش دەگەڕێتەوە..!

- ئێمە لە هەنووکەیەکدا دەژین کە هەرچی شکستی رامیاری و نشوستی کۆمەڵایەتییەک کە هەمانە پەردەپۆشی دەکەین، گەورەترین وەستای رازاندنەوەی جیهانێکی جوان و تەندروست و رەنگاورەنگ، کە ساختە و درۆیە: کەناڵەکانی راگەیاندن، بەوەی کە دەبیسترێن و دەبیندرێن و دەخوێندرێنەوە، تیایدا بەهرەمەندن

- هەتا ئەو کۆمەڵکوژییەی دەرهەق بە ئێمە کراوە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و تاکەکەسیشدا ئەو هۆشیاری و ئاگاهییە مێژووییەی لە لای ئێمە دروست نەکردووە، زێندوێتیی هەر کەس و نەتەوەیەک لەوەدایە کە چۆن لە مەرگ و کارەساتەکان رادەمێنێت و چ وانەیەک لە تراژیدیاکان وەردەگرێت

یەکەمین و تاڵترین ئەزموونی هەریەک لە ئێمە وەک بوونەوەر، ئەو سات و قۆناغەیە کە لە شی و سینەی پڕلە میهری دایک دادەبڕێین

**ئەوەی ئێمە ناومان ناوە ئەزموونکردنی ژیان بێ ئەندازە هەژارە**

کۆمەڵناسی عیراقی 'د. علی الوردی' رای وا بوو کە بە گشتی کۆمەڵگای عیراقی لە باری دەروونییەوە نەخۆشە، بگرە بە کۆمەڵگایەکی شێتی لە قەڵەم داوە، بەڵام ئەم جیاوازییەکە تەنها لە ڕێ و ڕادەی شێتبوونەکەدا دەبینێت، لێرە و لەوێدا..لای ئەم یان ئەوی دیکە کەمترە یان زیاترە. لە بەشی پێشووتردا ئاماژەمان بەوە کرد کە خودی شێوازەکانی ئێمە بۆ تەندروستیی رۆح و دەروون کە بە 'میکانیزمەکانی بەرگری' ناسراوە، کەچی هەر هەمووی دەبنە مایەی نەخۆشی، ستەم و چەپاندن و کوشتنی حەز و ئارەزووە رۆحی و جەستەییەکان کە ئێمە بە ناوی رەوشت و پاراستنی شەرم و شکۆی کۆمەڵایەتییەوە پیادەی دەکەین لەسەر خۆمان و خەڵکی دەوروبەرمان، هەر هەمووی دەبنە سەرچاوەکانی سندان و دەردەکۆپان و تیراوە و شێرپەنجەی رۆح. کەسیشمان لەو دەردانە راست نابینەوە تاوەکو گومان لەو ئەخلاقە درۆزن و ریاکارە نەکەین کە هەموومانی لەناو قەفەزەکان و زیندانەکان و تابووتەکان کۆ کردۆتەوە، بۆ سەر خوانی ژیانێکی سارد و سڕ و مردەنی و بێ رەنگ و تام ئێمەی بانگهێشت کردووە.

ئەوەی کە بە ناوی تێکنەچوونی ئارامیی کۆمەڵایەتی و لێکنەترازانی شیرازەی خانەوادەی زیندان ئاسای کوردەواری پەیڕەو دەکرێت، هیچ نییە بێجگە لە رۆحی توندوتیژی کە سەرەتا نادیار و پەنهانە وەک یەکەمین 'خانەی سەرەتانی' کە کەس دەرکی پێناکات لە قۆناغی یەکەمدا، بەڵام شێرپەنجە لە تێکچوونی بایۆکیمیاگەری یەکەمین خانەی لەشەوە دەست پێدەکات و پاشان هەموو لەش داگیر دەکات.

رۆحی شاراوەی ئەو ستەم و زەبر و زەنگە شاراوەیە کە کۆمەڵگای ئێمە بنکۆڵ دەکات و دەیخوات و دایدەڕزێنێت، رۆژانە لەناو هەموو ماڵێک و سەرجادە و دەزگا کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەکاندا دەرکەوتەکانی دەبینین، هیچ قۆناغێک نادۆزینەوە بەقەد ئێستا کە پڕی گومان و ترس و کینە و شەڕانگیزی وەها کوشندە و مەترسیدار بووبێت. ئێمە لە هەنووکەیەکدا دەژین کە هەرچی شکستی رامیاری و نشوستی کۆمەڵایەتییەک کە هەمانە پەردەپۆشی دەکەین، گەورەترین وەستای رازاندنەوەی

جیهانێکی جوان و تەندروست و ڕەنگاوڕەنگ، کە ساختە و درۆیە: کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بەوەی کە دەبیسترێن و دەبیندرێن و دەخوێندرێنەوە، تیایدا بەهرەمەندن. هەڵبەتە لەم سەردەمەدا 'ماس میدیا' گەورەترین سیحر و گەمەکانی خۆی بەسەر زۆرینەدا دەسەپێنێت کە دونیا جوانتر پیشان بدات لەوەی کە لە واقیعدا هەیە، بێجگە لە شاردنەوەی دیوە ناشیرینەکەی کە دیسانەوە زۆرینەیەک لە خەڵکی خۆشبەخت حەز ناکەن ببینن. شتێکی تازەمان نەوتووە گەر بڵێین چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە ڕۆژئاوا سەرمایەدارە سیاسەتبازەکان یان سیاسەتبازە خواپێداوەکان بە سەدەها کەناڵی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ سازکردن و پێشکەشکردنی ژیانێکی نازەنین و پڕ لە خۆشگوزەرانی، دانیشتن لە بەرامبەر ژمارەیەکی زۆر لە کەناڵە ئاراستەکراوەکانی ڕاگەیاندن لە دونیادا وێناکردنی ژیانێکی بەهەشت ئاسای بێ کەموکورییە. خودی هەڵبژاردن و گەمەی سیاسەت لە کێشوەری ئەمریکا دەچێتە خانەی 'دێمۆکراسیی ئاراستەکراو' یان لە 'قوتوونراو ــ معلب'.
نەخۆشییە ڕۆحییەکان لای ئێمە جۆرێک تابووی لەسەرە، هەتا باس و خواس و تێرامان لە مەرگ لە کولتووری ئێمەدا زمانێک نادۆزێتەوە بۆ گوزارشتکردن لە خۆی، نەک لەبەر ئەوەی کە عاشقە ژیانین، بەڵکوو لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە مادامەکێ مەرگ نەبووەتە مایەی تێرامانێکی قووڵ و فەلسەفی، تەنها دیوە ڕاگوزەر و ڕەمەکی و فیزیکییەکەی دەبینین، کەواتە بە پرسە و شین و شەپۆرێک بەڕێی دەکەین. سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە لە ژینگەیەکداین کە مەرگ بۆ خۆی ئاسایی و هەرزانترین بابەت و ڕووداوێکە کە ڕۆژانە بەری بکەوین. هەتا ئەو کۆمەڵکوژییەی دەرهەق بە ئێمە کراوە لەسەر ئاستی نەتەوەیی و تاکەکەسیشدا ئەو هۆشیاری و ئاگاهییە مێژووییەی لە لای ئێمە دروست نەکردووە، زیندوێتیی هەر کەس و نەتەوەیەک لەوەدایە کە چۆن لە مەرگ و کارەساتەکان رادەمێنێت و چ وانەیەک لە تراژیدیاکان وەردەگرێت، نموونەی جوولەکە کە توانیان لەسەر ئێسک و پروسکی خۆیان مێژوویەکی تازە بۆ خۆیان دروست بکەن، بەدەر لەوەی ئاخۆ ئەو مێژووە جوانە یان ناشیرینە، یان وەک هەندێک لە ڕۆشنبیرانی عەرەب لە تەک مێژووی ئەمریکادا بە دوو مێژووی دەستکرد و ساختەلاو زۆڵی دەزانن. هەر چەشنێک لە ڕوانین بۆ مەرگ دەستنیشانی ئەو جۆرە لە ژیان دەکات کە ئێمە وەک مرۆڤ بۆ خۆمانی دەسازێنین. ڕەنگە بەشێکی گرنگی فیکری ڕۆژئاوا خوێندنەوەی خۆی بوویێت لەمەڕ زاڵبوونی 'تاناتۆس' بەسەر 'ئیرۆس'دا، یان جەنگی هەمیشەیی ژیاندۆستەکان بوویێت لە بەرامبەر مەرگدۆستەکاندا کە تا هەنووکە نەبڕاوەتەوە و بەردەوامە، هەر لە سۆنگەی ئەو ترسەوەیە کە فەیلەسووفێکی هاوچەرخی فرەنسی وەک 'میشێل ئۆنفرەی' کە دێتە سەر پرۆسەی پەروەردە لە فرەنسا و ئاوروپا، گومانی گەورەی ئەم لەوەدا چڕ بۆتەوە کە پەروەردە لەو مەرگپەرستییە قورتاری نەبووە، یان هونەری چێژوەرگرتن لە ژیان هێشتا کەمە و هەژارانەیە، یان لە پرگەیەکدا دەنگ هەڵدەبڕێت و پڕوای وایە کە تا هەنووکەشی لەگەڵدا بێت 'مەسیح' نەیهێشتووە منداڵەکان لە ژیانێکی خۆش بێ گرفتی ڕۆحی بەهرەمەند بن، دیارە 'ئۆنفرەی' ئاماژە بە مێژوویەکی زاڵبوونی مەرگدۆستی دەکات کە لە ڕۆژئاوادا پیادە کراوە و ئێستاکەش ئاشی ئەو جۆرە هەوەس و مەیلە بۆ کوشتنی 'ئیرۆس' لە گەڕدایە، گەرچی بە بەراورد لەگەڵ ئێمەدا هەنگاوی گەورەیان ناوە بۆ پەروەردەکردنی مرۆڤێکی نوێ کە هونەری خۆشبەختی دەفامێت.

کەچی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین، بە تایبەتی لە جیهانی عەرەبیدا، ئیسلامی سیاسی، لەسەر دەستی فوندەمێنتالستەکان پروایان وایە ئەمڕۆمان ناشیرینە چونکە ڕۆژگاری ' سەلەفی سالح'مان بەجێهێشتووە، بە واتا بەجێهێشتنی دوێنێیەک کە لەژێر سێبەری شمشێردا هەناسەی داوە..هەر بە زەبری شمشێریش دەگەڕێتەوە..!

ئەوەی کە ئێمە ناومان ناوە ئەزموونکردنی ژیان بێ ئەندازە هەژارە، کەمترین بواری هەڵبژاردن و ئەگەری گۆڕین و ڕەتکردنەوەی تێدا نییە، بەگشتی نەبوونی کەمترین پری ئازادی لەسەر هەموو ئاستەکاندا بۆ خۆی دەبێت بە سەرچاوەی ئەو هەژارییە لە ئەزموون، هەموو چیرۆکە کۆن و پەندئامێزەکانی ئێمە دەمانترسێنێت لەوەی کە ئەگەر لە ماڵ چووینە دەرەوە بە نیازی سەرکێشی و گەشت و پشکنینی دونیای دەرەوە، ئەگەری ئەوە زۆرە بە ساغی نەگەڕێینەوە، بەجێهێشتنی ماڵ و هێلانە رووکردنە جەنگەڵ و دڕندەکانیەتی، بەجێهێشتنی قەفەزەکان فڕینە رووەو ئاسمانێکی پڕ لە باز و هەڵۆ و فڕندە پرندەکان، ئەوەی ئێمە بە ژیان پێناسەی دەکەین ئەزموونێکی پڕ لە ترس و گومان و مردەنی و نەرێنییە، هیچ ئەزموونێکیش بەدەر نییە لە هەردوو جەمسەری چالاک یان سست و مردەڵە، ڕەنگاورەنگ یان خۆڵەمێشی، پەندئامێز یان ڕاگوزەر. ئەزموونێک کە دەبێت بە میراتێکی دەوڵەمەند بۆ تۆ جیاوازە لەگەڵ ئەو ئەزموونەی کە پتر لە تۆ بخوات و هیچیشت پێنەبەخشێت، بە خۆشی و ئارەزوومەندانە دەچیتە ناوی یان بە ترسەوە و لە ناچاری خۆتی تێ فڕێ دەدەیت، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە بزانین ئەو ژیان و ئەزموونەمان وەک پەیوەندی لەسەر ئاستی تاک و کۆ، چ کاریگەرییەکی نێگەتیف یان پۆزەتیف بەجێدێڵێت، ئەوەش لەسەر ئەو بنەمایە وەستاوە کە ئێمە لەتەک کێدا مامەڵە دەکەین و خاوەنی چ جۆرە فەرهەنگێکین. ئاخۆ ئەو پەیوەندییانەی هەمانە تا چ ئەندازەیەک کراوە و زیندوون؟ تاوەکو کوێ زەمینەی ئاڵوگۆڕی چەند ئەزموونێکی مرۆڤانە و دەوڵەمەندی خۆش کردووە؟ ئەزموونی پەیوەندییەک کە وامان لێبکات بگۆڕێین و ژیانی بەر لەو ئەزموونەمان لەو ژیانە نەچێت کە بەر لە پەیوەندییەکان هەمانبوو، ئاخۆ هیوابەخشە یان مایەی نائومێدییە؟

ڕەنگە یەکەمین و تاڵترین ئەزموونی هەر یەکێک لە ئێمە وەک بوونەوەر، چ بە هەست بێت و چ بە نەست، ئەو سات و قۆناغەیە کە لە شیر و سینەی پڕ لە میهری دایک دادەبڕێین، بە تایبەتی کە دایکان تامێکی تاڵ و تفت لە گۆی مەمکانیان هەڵدەسوون، کە بە 'تاڵی شاری' یان 'ئەزوا' ناسراوە، گۆڕینی تامەکە یەکەمین گەمەی تۆرانە لەنێوان دایک و کۆرپەکەی: دوو خۆشەویست، سەرەتای دڵتۆران و مۆنی و نامۆیی، ئیدی دوای ئەو یەکەمین تامی تاڵاوە کە بە درێژی ژیان زنجیرەیەک تاڵاوی دیکە بەدوای خۆیدا دێنێت: دۆڕانی دەیەها ئامێزی دۆستان و یاران، خۆشی، دۆڕانی بەهاکان و ماناکان و ئایدیاکان و شۆڕشەکان تا دەگات بە دۆڕانی سامانە مادییەکان، گرفتەکە لە داپڕان نییە لە بەشێک لە لەشی دایکە، کە یەکەمیان لە ناوک پرینەوە دەست پێدەکات، لەوە کوشندەتر لە مەمک کردنەوەیە، کە ئەوەیان هاوشانە بە داپڕانێک و کەرتکردنێکی یەک بوونەوەر بە دوو بوونەوەری لە یەکدی جیاواز، کە بۆ خۆی دەبێت بە سەرەتای گەشتی گەڕانێکی هەتا هەتایە بە دوای سۆز و جێگرەوەی یەکەمین لەدەستدان، دەتوانین مەزەندەی هەزارەها شت بکەین کە دەستمان دەکەون و پاشان بزر دەبن. لێرەدا چیرۆکی ئەو پیاوەم یاد دەکەوێتەوە کە هەر بەڕاستی بۆ چەند چرکەیەک دوا دەکەوێت و شەمەندەفەرەکەی بەجێی دێڵێت، کەچی لە داخاندا خۆی دەکوژێت، هەر بەو بۆنەیەوە نامەیەکی کورت بەجێدێڵێت،

هەموان سەرسام دەکات، تا دەروونناسێک کۆمێنتێکی سەرسامکەری درکاند: کابرای خۆکوژ بە درێژایی تەمەنی و بۆ سەدەها جار لە ئومێد و خەونەکانی بەجێماوە، لە ساتەوەختی جێهێشتنی شەمەندەفەرەکە هەر هەمووی یاد کەوتۆتەوە، مەرج نییە تەقینەوەی هەموو نائومێدییەکان لە رووداوێکی گەورەوە هاتبێت، نهێنییەکی گەورە لە پشت ئەو رووخان و دۆرانەوە هەیە کە دەمانکوژێت چ وەک رۆح و چ وەک جەستە، هەر وەک لە مەمک و شیر کردنەوە و داپران کە رووداوێکی سادەی منداڵییە، بەڵام بۆ هەمیشە و تا ماوین لە نائاگاهیدا بزمارەکانی خۆی دادەکوتێت، تۆرانی دڵخواز و دولبەر چییە بێجگە لە تۆران و دەرکردنی ئێمە: من و تۆ لە سینە و مەمکی دایکە. لیستەکە بێ کۆتاییە، خەیاڵت ئازاد بکە و بزانە بە ژمارە چیت دەستکەوتووە و پاشان دۆراندووتە.. بێ شوومارە و کۆتایی نایەت.

**پەراوێز:**

ـ بەشی حەوتەم بە هەڵە وەک بەشی شەشەم هەژمار کرابوو.

ـ ناوی 'مارتا' ناوی هاوسەرەکەی فرۆید بووە، نەک ناوی کارەکەرەکەی کە لە بەشی حەوتەمدا بە هەڵە لەگەڵ ناوی 'ماری'ی کارەکەر جێگۆرکێیی پێکرابوو.